هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ژمارە: ٨٨٦
No:

ڕێکەوت: ١ / ٦ / ٢٠١٥ ی زایینی
Date:
/ / ٢٧١٥ ی کوردی

## فەرمانی وەزاری

ئاماژە بە مادەی (٢٠) یەکەم لە یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٨) بە مەبەستی ڕێکخستنی پرۆسەی پێدانی نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) بە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و ڕەخساندنی هەلی پەرەپێدانی زیاتری تواناکانیان بڕیارمان دا :

١. هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر لە دوای بەدەستهێنان و یەکسانکردنی بڕوانامەکانیان پێویستە کۆرسەکانی ئامادەکاری بۆ وانەوتنەوە و پەرەپێدانی توانا ئەکادیمییەکان بە سەرکەوتوویی تەواو بکەن.

٢. پێویستە ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر بەر لە وەرگرتنی نازناوی زانستی مامۆستای یاریدەدەر لە (5) ی تاقیکردنەوەی (IELTS) یان هاوتاکەی لە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی دیکەی توانستی زمان کەمتر نەبێت.
بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بڕوانامەی یەکێک لە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی توانستی زمانی ئینگلیزی پێشکەش بکات کە بریتین لە (PEARSON ،IBT TOEFL،IELTS)

٣. دوابەدوای دەستەبەرکردنی ئەو مەرجانەی کە لە خاڵی یەکەم و دووەمی ئەم فەرمانەدا ئاماژەمان پێکردووە، لە لایەن زانکۆکانەوە سێمیناری تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی توانا زانستی و ئەکادیمییەکانی هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر ئەنجام دەدرێت و کاندیدە سەرکەوتووەکان نازناوی زانستی مامۆستای یاریدەدەریان پێدەدرێت.

٤. ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٩/١) جێبەجێدەکرێت.

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێ ی تایبەتمەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت/ بۆ گشتاندنی بۆ گشت زانکۆ ئەهلییەکان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.